# ڕاستگۆیی...بناغەی دامەزراندنی کەسایەتی مرۆڤە

[ كردي – کوردی – kurdish ]


**ئامادەکردنی**: عیرفان احمد کاکە محمود

سەرچاوە: ماڵپەڕی بزوتنەوەی ئیسلامی

www.bzotnawa.info

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**



١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ( الصدق أساس لبناء شخصية الإنسان )

« باللغة الكوردية »

إعداد: عرفان أحمد كاكه محمود
المصدر: موقع الحركة الإسلامية
www.bzotnawa.info

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ڕاستگۆیی...بناغەی دامەزراندنی کەسایەتی مرۆڤە

ڕاستگۆیی ووتنی قسەیەکە یان لێدوانێکە کە باس لە شتێک دەکات بوونی هەیە. هەر لێدوانێک یان گوزارشێک یان باسێک لە بابەتێک تەنها قسە بوو و، ئەو مەسەلەی باسی لێوەکراوە بوونی نەبوو، ئەوا قسەکە ناهەقە و، گەلێک شتی نێگەتیڤی لەسەر دروست دەبێ. لە پێش هەموویانەوە خاوەنەکەی متمانەی لە ناو خەڵکەکەی خۆیدا نامێنێ و، بەردەوام بوون لەسەر درۆ کە پێچەوانەی ڕاستگۆییە بە زیانی ئەو کەسە خۆی و کۆمەڵگەکەی تەواو دەبێت. ڕاستگۆیی جوانترین و ڕازاوەترین میدالیایە کە مرۆڤ بە ووتنی لە یەخەی خۆی دەدات. هەروەها یەکێکە لە بەردی بناغەی دامەزراندنی کەسایەتیەتییەکی هاوسەنگ، ڕاستگۆیی هۆکارێکە بۆ سەرکەوتن و سەرفرازی. شەریعەتی ئیسلام نرخ و بەهایەکی زۆری پیداوە و، زۆر بڵندی ڕاگرتووە. ڕاستگۆیی لە قورئان و سوننەتدا هاتووە و خوای گەورە فەرمانی بە موسوڵمان کردووە کە پیوەی پابەند بێت، چونکە لەسەر تاک بە تاکی موسوڵمانەوە ئوممەت دروست دەبێ و، نابێ بناغەی دروست بوونی ئەو ئۆممەتە کەچ و خوار بێت.

بەردەوام بوونی کۆمەڵگە لەسەر ئیستیقامەت پێویستی بە بوونی کۆڵەکەی ڕاست و دامەزراو هەیە، تێگەیشتن لە یەک و ڕێزگرتن و هاوکاری و متمانە بە یەک بوون و، پێکەوە ژیان و دادپەروەری و ئەمانەت و دەست و دەم پاکی و پاکڕاگرتنی ئەندامەکانی لەش و ڕاستگۆیی و دڵسۆزی و سەدان کۆڵەکەی جوانی تر ووزەی بەردەوام بوونی کۆمەڵگە و خۆشگوزەرانی تاکەکانییەتی.

ڕاستگۆیی تایبەت نییە تەنها بە تاکەکانی جەماوەرەوە، بەڵکو دەبێ ڕابەر و سەرۆک و وەزیر و حکومەت و دام و دەزگاکانی و ئەو قەوارە و ڕێکخراوانەش کە کار لە کۆمەڵگەدا دەکەن ڕاسگتۆ و سەرڕاست بن لە قسە و کرداریاندا. ووتنی ڕاستیەکان بە میللەت و، نەشاردنەوەی زانیاری لێی و، سەرڕاستی لە گەڵیدا لە لایەن ئەو کەسانەی کاروبارەکانی دەبەن بەڕێوە نیشانەی دڵسۆزی و بە تەنگەوە هاتنی میللەت و، مافەکانی میللەتە. ڕاستگۆیی ئەو ڕاستە ڕێگایەیە کە میللەت و دەسەڵاتدارەکانی پێک دەگەیەنێت. هەرکاتێک لایەکیان درۆی لە گەڵ ئەویتر کرد جورئەتی نابێ کە بەو ڕاستە ڕێگایەدا بێت و لە گەڵ ئەوی تریان ڕوو بە ڕوو ببنەوە.

**جۆرەکانی ڕاستگۆیی**

**چەندین بەشی هەیە، لەوانە:**

**١. ڕاستگۆیی لە قسەدا.**

**٢. ڕاستگۆیی لە کرداردا.**

**٣. ڕاستگۆیی لە بڕیاردا.**

**٤. ڕاستگۆیی لە نییەتدا.**

**٥. ڕاستگۆیی لە بەجێهێنانی پەیمان و بەڵێندا.**

**٦. ڕاستگۆیی لە ئەدای کار و بەرپرسیارێتیدا.**

**٧. ڕاستگۆیی ئەو کەسە لە گەڵ خۆی و هاوڕێ وکەسوکاری و میللەتەکەیدا.**

**٨. ڕاستگۆیی ئەو کەسە لە گەڵ عەقیدەکەیدا.**

**ئیسلام و ڕاستگۆیی:**

**خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێ: (یا أیها الذین آمنوا اتقوا اللـه وکونـوا مـع الصـادقین). ئەی ئەو کەسانەی کە ئیمانتان هێناوە خوا بپەرستن و، لە دەستەی ڕاستگۆیان بن.**

**خوای گەورە هەر لە مرۆڤەکان مرۆڤی ڕاستگۆی بۆ پێغەمبەرایەتی هەڵبژاردووە. ڕوو بە ڕووی پێغەمبەری ئازیزمان (صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)دەفەرموویت: (واذکر في الکتاب إبراهیم إنه کان صدیقًا نبیًا). بە قەومەکەت بڵێ، ئەوانەی بت دەپەرستن، کە ئیبراهیم پێغەمبەرێکی ڕاستگۆ بوو. سەبارەت بە ئیسماعیل دەفەرمووی: (وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ إِسْمَاعِيلَ إِنَّهُ كَانَ صَادِقَ الْوَعْدِ وَكَانَ رَسُولًا نَبِيًّا). باسی ئیسماعیل بۆ قەومەکەت بکە، وەک چۆن لە قورئاندا هاتووە کە ڕاستگۆ بوو لە گەڵ بەڵێنەکەیدا و، نێردراو و پێغەمبەر بوو، هەروەها سەبارەت بە یوسف دەفەرمووێ: (یوسف أیها الصدیق). یوسف ئەی ڕاستگۆ، سەبارەت بە ئیدریسیش دەفەرمووێ: (وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ إِدْرِيسَ إِنَّهُ كَانَ صِدِّيقًا نَبِيًّا). وەک چۆن باسەکەی لە قورئاندا هاتووە، ئاوا پێیان بڵێ کە ئیدریس ڕاستگۆ و پێغەمبەر بوو.**

**ڕاستگۆیی سیفەتی پێغەمبەری خوا بووە (صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ). نە پێغەمبەر لە ڕاستگۆیی جیابۆتەوە و، نە ڕاستگۆییش لە پێغەمبەر جیانەبۆتەوە (صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ). تەنانەت پێش بوونیشی بە پێغەمبەر قوڕەیش نازناوی (ڕاستگۆ و دەستپاک)یان لێنابوو.**

**ڕۆڵی موسوڵمانی ئەمڕۆ چییە؟**

موسوڵمان دەبێ لە گەڵ خوای گەورە ڕاستگۆ بێت بەوەی کارەکانی هەموو بۆ خوای گەورە بن و، تێکەڵ بە ڕیا و خۆدەرخستنیان نەکات. موسوڵمان دەبێ ڕاستگۆ بێت لە گەڵ خەڵکیدا بەوەی درۆیان لە گەڵ نەکات، موسوڵمان دەبێ لە گەڵ خودی خۆیدا راستگۆ بێت بەوەی ڕاستییەکان نەشارێتەوە و، خۆی هەڵنەخەڵەتێنی و، دان بە کەموکورتییەکانیدا بنێ و ڕاستیان کاتەوە. بە کورتی و بە کوردی موسوڵمان درۆزن نییە و، نابێ درۆزنیش بێت.

پرسیار لە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کرا: ئایا ئیماندار ترسنۆک دەبێ؟ فەرمووی: بەڵێ. ووتیان: ئیماندار بەخیل (بەرچاو تەنگ) دەبێ؟ فەرمووی: بەڵێ.

ووتیان: ئەی موسوڵمان درۆزن دەبێ؟ فەرمووی: نەخێر.

بە گشتی مرۆڤی درۆزن ناتوانێ تا سەر لە درۆکانیدا بەردەوام بێت و، چاوبەست لە خەڵک بکات و، بە درۆ و ڕاستی شاردنەوەکانی چەواشەیان بکات. ئاخری ڕۆژێک دێت درۆکانی ئاشکرا ببن و، بەسەر خۆیدا بگەڕێنەوە.

سەرەنجامی ڕاستگۆیی لەو جێیەوە دەردەکات کە خوای گەورە خۆی لە سورەتی المائدە، ئایەتی (١١٩)دا دەفەرمووێ: (هذا يوم ينفع الصادقين صدقهم، لهم جنات تجري من تحتها الأنهار، خالدين فيها أبدا). ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە ڕاستگۆیی بە کەڵکی ڕاستگۆکان دێت، پاداشتی ئەوانە ئەو بەهەشتەیە کە ڕووبار بە ژێریاندا دەڕوات و، تا هەتایە زیندوون تیایدا.